# پرینسیپ و بنەماکانی هەواڵ

**کاوە عەبدولکەریم**

**مامۆستای یاریدەدەر- کۆلیژی زمان**

---

ئەمڕۆ لە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخدا میدیاکان بایەخێکی زۆر گرنگیان هەیە، هەواڵیش وەکو ژانرێکی سەرەکی ڕۆژنامەوانی بە بەردەوامی کاریگەری لەسەر ژیانی یەکەیەکەی تاکەکانی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان هەیە.

ڕۆژنامەنووسانی کورد لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستیانە هەواڵیان نە خوێندوە و نەناسیوە، بە باشی لە چەمکی هەواڵ نەگەیشتوون. بۆ ئەوەی هەواڵ بە شێوەیەکی چاکتر دابڕێژرێت و بنووسرێت، ڕۆژنامەنووس دەبێ بزانێ بەهاکانی هەواڵ چین، سەرچاوەکانی لە کوێن، هەواڵ لە چەند بەش پێکهاتووە، چۆن دەنووسرێت، چەند فۆرمی داڕشتنی هەواڵ هەیە، گووتار بە جۆرە جیاجیاکانیەوە چۆن دەکرێتە هەواڵ. بەشێکی زۆری کارمەندان و ڕۆژنامەنووسانی نێو کەناڵەکانی راگەیاندن لە کوردستان یان پێشتر شاعیرو ئەدیب بونە یا حەزو خولیای کارکردنی ڕۆژنامەوانیانەیان هەبووە و هاتوونەتە نێو ئەم بوارە، بۆیە تا ئێستا لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا کەم جیاوازی لە نێوان نووسینی ڕوژنامەوانی و جۆرەکانی تری، نووسین کراوە. ئەم باسە هەوڵێکە بۆ ناساندنی هەواڵ وەك ژانرێکی گرنگی ڕۆژنامەوانی.

**١-١- هەواڵ وەکو چەمك:**

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ هەموو ئەو ڕووداو و زانیاری و چالاکیانەی ئێستا هەن یان ڕوودەدەن، بە هەواڵ دابنرێن. ئەمڕۆ کەناڵە جۆر بە جۆرەکانی میدیاکانی هەواڵ، کات و بۆشاییەکی زۆر بۆ گواستنەوەی هەواڵەکان تەرخان دەکەن. لە کوردیدا هەندێ جار ووشەی "دەنگوباس" لە جیاتی هەواڵ بەکاردەهێنرێت، بەڵام دەنگوباس هەندێك گشتگیر ترە. هەژاری موکریانی لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا، هەواڵ بە خەبەر و چلۆنیەتی حاڵ و ئەحواڵ و دەنگ و باسیش بە باس و خواس، لێکدەداتەوە.

ریە[١] (١٩٨٨) لە پێناسەکردنی ووشەی هەواڵ (news) دەڵێ "وشەیەکی ئینگلیزی سەدەکانی ناوەڕاستە کە دەنگ و باس و زانیاری لەبارەی ڕووداوە تازەکان دەگەیەنێت". پێم وایە ئەم لێکدانەوانە زۆر گشتین، چونکە هەموو ڕووداوەکان لە هەموو بەشەکانی جیهان، کاتێك ڕوودەدەن، تازەن و دەکرێ بە هەواڵ حیسێب بکرێن. بۆ بڕیاردان لەسەر بە هەواڵبوونی ڕووداوێك دەبێ شوێن و کەسانێکی دیاریکراو هەبن کە کاریان لە بێژینگدانی ڕووداوەکان بێ. بلاك[٢] (١٩٧٧) پێی وایە هەر شتێك دەرگاوانەکان (gate keepers) لە سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و پەیامنێرەکان ڕێگەی بڵاوبوونەوەی بدەن، بە هەواڵ دادەنرێت.

ئاشکرایە ئەمڕۆ لە هەموو کەناڵەکانی میدیادا کەسانێك هەن کاری هەڵبژاردن و هەڵێنجان و لە بێژینگدانی هەواڵەکان دەکەن و ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەن دەبێتە هەواڵ. لەوانەشە زۆر ڕووداوی گرنگ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە بیرکرابێ و پشت گوێ خرابێ، چونکە دەرگاوانانی میدیاکان، بە هەر مەبەستێك بێ، پشتگوێیان خستووە.

ئازاد ڕەمەزان[٣] (٢٠٠٥) پێناسەکانی هەواڵ دابەش دەکات بۆ دوو شێوە:

یەکەم: پێناسەکانی تایبەت بە ڕۆڵی کۆمەڵ لە هەواڵدا. ئەم پێناسانە جەخت لەسەر کاریگەری هەواڵ لەسەر کۆمەڵگا دەکەنەوە. ئەوانە هەواڵ بەشێوەیەك سەیر دەکەن کە تیایدا ژیانی خەڵك و چۆنیەتی بیرکردنەوەی جەماوەر ڕەنگدەداتەوە. هەورەکو ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ واڵتەر لیپمان هەواڵ پێناسە دەکات بە "وێنەیەکی واقیع کە تیایدا مرۆڤ ڕۆڵی هەیە"[٤].

دووەم: ئەو پێناسانەی گرنگی بە بەهاکانی هەواڵ دەدەن. هەندێ لە ڤەکۆڵەرانی بواری میدیا لە پێناسەکردنی چەمکی هەواڵدا زیاتر جەخت لەسەر ئەو سیماو بەهایانە دەکەنەوە کە نووسەر و ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ئامادەکردن و نوسینەوەی هەواڵەکاندا بەکاری دێنن. هەروەکو دۆمینیك[٥] (١٩٩٩) دەڵێ "بەهاکانی هەواڵ بەندن لەسەر ترادسیۆن و تەکنۆلۆجیا و سیاسەتی دەزگاکان، لە هەمووشیان گرنگتر ئابووری".

کەواتە بۆ ئاشنابوون و تێگەیشتن لە چەمکی هەواڵ دەبێ بزانین بەهاکانی هەواڵ چین.

**١-٢: بەهاکانی هەواڵ (News Values)**

بە لێکۆڵینەوە لە سیماو بەهاکانی هەواڵ، دەتوانین بزانین هەواڵ چیە. بۆ ئەوەی ڕووداوێك شایەنی ئەوە بێت ببێتە هەواڵ دەبێ بەلایەنی کەمەوە هەڵگری بەهایەك بێت. هەروەکو دۆمینیك دەڵێ "لەو ملیۆنەها

ڕووداوەی ڕۆژانــە ڕوودەدەن، ڕۆژنامەنووســانی بــواری میدیای چاپکراو یان ئەلیکترۆنی بەشـێکی زۆر کـەمی لێ هەڵدەبژێرن کە شایەنی ئەوە بێت ببێتە هەواڵ".

هەڵبژاردن و بڕیاردان لەسەر ڕووداوێك بۆ ئـەوەی ببێتە هەواڵ لەســەر چــەند بەهایــەك دەوەســتێ کــە بەشـــــێکی زۆری ڕۆژنامـــــەوانان و نووســــەران و ڤەکۆلەرانی بواری میدیا لەسەری ڕێکن. لەوانە:

١- تــازەیی Timeliness: ئامــاژە بــەکاتی ڕوودانی ڕووداوێك کە ئەم بەیانیە ڕوویـدابێ زۆر بـە بــەهاترە لــە ڕووداوێــك کــە هەفتــەی ڕابــردوو ڕوویدابێ.(ستۆڤل ٢٠٠٦)[٦].

٢- نزیکــــی Proximity: نزیکــــی و دووری ڕووداوەکان (نزیکی و دووری جوگرافی) زۆر گرنگـە و کــار لــە بــەهای هــەواڵ دەکــەن. تەقینەوەیــەك لــە شــارەکەی خۆتــدا کــە بوبێتــە هــۆی برینــداربوونی کەسێك زۆر گرنگترە لە تەقینەوەیەك لـە وڵاتـانێکی تــر کــە بوبێتــە هــۆی مردنــی دووکــەس. هــەروەکو ویلکـــۆکس و نۆتـــل[٧] (١٩٩٧) دەڵـــێ "کاتێـــك هەواڵێك ئامادە دەکەی، هەمیشە گۆشەی نزیکـی و لوکاڵی لە مێشکتدا ئامادەبێ".

٣- گرنگــی Prominence: بــوونی کەسـێکی گرنگ لە ڕووداوەکە کار لە بەهای هەواڵەکە دەکات. هەروەکو هانسن دەڵێ "کە دوو ئەسـتێرەی سـینەما بەیەکەوە نان دەخۆن ئەوە هەواڵە، بـەڵام ئەگـەر تـۆ لەگەڵ دایکت نان بخۆی هەواڵ نیە.

٤- ئاکــام Consequence: ژمــارەی ئــەو کەســانەی کــە زەرەرمەنــد بــوون یــان دەبــن لــە ڕووداوەکەدا بەهای هەواڵەکە دیاری دەکات. سـتۆڤل دەڵێ "ئەو ڕووداوانەی کە ژیانی خـەڵك دەگـۆڕن بـە هەواڵ دادەنرێن".

٥- دەگمەنی Rarity: دەگمەنی ڕووداوێـك یـان هەواڵێك زۆر لە بەهاکەی زیاد دەکات. بۆ نموونە لـە دایك بــوونی منــداڵێکی بــەکلك زۆر دەگمەنــەو بــە هەواڵ دادەنرێت.

٦- خولیــای مرۆیــی Human Interest: ئـەو ڕووداو و چیرۆکانەی جێگای خولیاو حەز و بـەزەیی و بەتەنگەوە هــاتنی مــرۆڤن شــایەنی ئــەوەن بــن بــە هەواڵ. مرۆڤ بە زۆر شت هەست و سۆزی دەجووڵـێ، لەوانە: بینینی یان گوێ لێبوونی چـیرۆکی منـداڵێك کە لە برسان دەمرێ زۆر کار لە مرۆڤ دەکات.

سەرەڕای ئــەم شــەش بەهایــە، زۆر شــتی تــریش هەیە کــە هــەواڵ دروســت دەکــەن و شــایانی بایــەخ پێـــدانی خـــەڵکانێکی زۆرن، وەك ململانێکـــان و هەواڵەکانی تایبەت بە ئـابووری و خۆشـگوزەرانی و کات بەسەربردن.

## ١-٣: سەرچـــاوەکانی هــــەواڵ News Sources

ئاشکرایە یەکێك لە پەیامە هـەرە گرینگـەکانی میدیاکان، گەیاندنی هەواڵـە. بـۆ زیـاتر ئاشـنابوون لەگەڵ ئەم چەمکە، پێویستە بزانین هەواڵ لـە کوێـوە دێت، سەرچاوەکانی هەواڵ لە کوێن. زۆرجـار ئەگـەر هەواڵێك سەرچاوەکەی دیار نـەبێ، متمانـەو بـڕوای جەماوەر لـە دەسـت دەدات. هـەروەك ویلکـۆکس و نۆڵت دەڵێن "پەیام ئەو کاتە دەبێتە جێگـەی بـڕوای جەماوەر کە سەرچاوەکەی جێگەی متمانە بێ".

خەڵك بە چاكترین سەرچاوەی هەواڵەكان دادەنرێن. مەبەست لە خەڵك ئەو كەسانەن كە لەكاتی ڕوودانی ڕووداوێكدا دەبنە شایەدو ئامادەن زانیاری پێشكەش بكەن و چاوپێكەوتنیان لەگەڵ بكرێ، جا ئەو كەسانە چ خەڵكی سادە بن یان دەوری بەرپرسیارەتیان لە دەزگایەك یان كۆمپانیایەك یان حكومەت دا هەبێ.

بەشێوەیەكی گشتی سەرچاوەكانی هەواڵ دەكرێ دابەش بكرێن بۆ دوو جۆری سەرەكی:

١- سەرچاوە خۆماڵییەكان: پەیامنێرەكان هەوڵدەدەن هەواڵ لە خەڵك و دەزگا خۆماڵییەكان وەرگرن وەكو خەڵكی سادەی سەر شەقامەكان، پۆلیس، بەرپرسەكانی شار، ژوورەكانی بازرگانی، دەزگاكانی فێركردن و پەروەردە...هتد. ئەم هەواڵانەش دەكرێ ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو، بە تەلەفۆن یان بە ئیمەیڵ وەربگیرێن. ڕۆژنامەوان و پەیامنێری بوێرو سەركەوتوو بۆخۆی بەدوای هەواڵدا دەچێ، نەك هەواڵ بەدوای ئەودا بێ. پاش كۆدەكرنەوەی هەواڵەكان دەیهێنن بۆ ئۆفیسی ڕۆژنامە یان كەناڵەكە، لەوێ دووبارە لە ژێر سەرپەرشتی نووسەری هەواڵە ناوخۆییەكان دایدەڕێژنەوە.

٢- سەرچاوە بیانییەكان: زۆر ڕێگە هەیە بۆ وەدەستهێنانی هەواڵ لە سەرچاوە بیانییەكان. ئەم هەواڵانە دەكرێ لە ڕێی ئەنتەرنێت، ئاژانسەكانی دەنگوباس، سایتەكان، كەناڵە بیانییەكان..هتد وەدەست بهێنرێن. باشترین سەرچاوەش لە ئەمریكا، بۆ نموونە ئەسۆشێتدت پرێس (AP) یان یونایتد پرێس ئنتەرناشناڵە (UPI). بلاك (١٩٩٧) دەڵێ: لە هەر خولەكێكدا لە ئەمریكا دوامۆڵەتێك هەیە بۆ هەواڵەكان. هەموو ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەكان چاوەڕێی ئەوەن لەم دەقیقەیەدا ئەم دوو سەرچاوەیە، (AP) یان (UPI) كامیان هەواڵی نوێ چاپ یان پەخش دەكاتەوە. ئەمە مانای ئەوەیە: ئاژانس و سەرچاوەكانی هەواڵ لە هەموو خولەكێكدا هەواڵەكانی خۆیان نوێ دەكەنەوە و هەمیشەش لە كێبڕكێدان بۆ وەدەستهێنانی هەواڵ. ئەمانە بۆ كەناڵە میدیاییەكانی دەرەوەی ولاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكاش بە كەڵكن.

وەرگرتنی هەواڵ لەسەرچاوە بیانیەكان كارێكی بەسوودە، بەڵام دەبێ ئاماژە بەسەرچاوەكان بكرێ. ئەم ئاماژە پێكردنەش لە دوو لاوە سوودی هەیە. لە لایەكەوە جەماوەر زیاتر متمانە بە هەواڵەكە دەكەن و لە لایەكی تریشەوە لە ڕووی یاسایی و ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیەوە كەناڵەكە متمانەی خۆی لە دەست نادات. هەربۆیە كەناڵە بەناوبانگەكان تابۆیان بكرێ خۆیان بەدوور دەگرن لە بەكارهێنانی سەرچاوەی نادیار.

### ١-٤: بەشە سەرەكیەكانی هەواڵ News Elements:

هەواڵەكان، هەروەكو جۆرەكانی تری نووسین، لە چەند بەشێكی سەرەكی پێك دێن. دەكرێ هەواڵیش بە جۆرە گوتارێكی تایبەت دابنرێت كە جیایە لە نووسینەكانی تر. هەرچەندە هەندێ كەس هەواڵ بە جۆرێك لە چیرۆك و گێڕانەوە دادەنێن، بەڵام پێكهاتەكانی لە زۆر ڕووەوە جیاوازە لە چیرۆك.

لە هەواڵدا، زانیارییەكان بە شێوەیەكی جیاواز دادەڕێژرێن، پێكهاتەو ڕێكخستنی هەواڵ جیایە لە

هی دەقی ئەدەبی یان زانستی، هەتا لە تێکستە ڕۆژنامەوانیەکانی تریش جیایە، وەکو بەدواداچوون و وتار و ڕاپۆرت و شوێن، ...هتد.

ئیچیسۆن[8] (١٩٩٩) پێی وایە دەبێ هەواڵ بەشێوەیەکی وا دابڕێژرێت کە وەڵامی شەش پرسیارە سەرەکیەکە بداتەوە- چی، کەی، لە کوێ، چۆن، کێ، بۆچی. نووسەرو ڕۆژنامەوانی بە توانا هەمیشە هەوڵدەدا وەڵامی ئەم شەش پرسیارە سادەو ساکارو ڕوون بن.بەڵام هەندێ کەس پێیان وایە پێویست ناکا لە هەر حاڵێکدا وەڵامی هەر شەش پرسیارەکە بدرێتەوە، دەکرێ وەڵامی کەی وە بۆچی نەدرێتەوە، چونکە هەواڵ هەر خۆی نوێیە و پێویستی هەواڵیش دیارنیە، کەواتە لە هەموو هەواڵێکدا ناکرێ وەڵامی "بۆچی"بدرێتەوە.

بەشە سەرەکیەکانی هەواڵ بریتین لە مانشێت و لید و پاشماوەی هەواڵ.

### ١-٤-١: مانشێت (Headline)

مانشێت گرنگترین بەشی هەواڵە، بیرۆکەی سەرکی بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. پاش خوێندنەوەی مانشێت، خوێنەر بڕیار دەدات بەشەکانی تر بخوێنێتەوە یان نا. کریستال[9] (١٩٩٢) پێناسەی مانشێت دەکات بەوەی کە شادێڕێکە ئاماژە بە ناواخنی تێکست دەکات.

مانشێت چەند سیماو کارەکتەرێکی هەیە کە جیان لە بەشەکانی تری هەواڵ، دەکرێ لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکرێنەوە:

١- مانشێت یەکەمین بەشی هەواڵە. هەروەکو سوان[10] (١٩٩٩) دەڵێ "مانشێتەکان تایتلی کورتن لەسەرووی ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەکان دەنووسرێن".

٢- مانشێتەکان بەزۆری بەخەتی گەورەو تۆخ دەنوسرێن بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەران ڕابکێشن. بۆ نموونە، ئەگەر تێکستەکە بە فۆنتی ١٢ بنوسرێ، مانشێتەکە بە فۆنتی ١٤ یان ١٦ دەنوسرێت. (ویلکۆکس و نوڵت، ١٩٩٧)

٣- زۆربەی کات مانشێتەکان لە لایەن ڕۆژنامەوانە تایبەتمەندو پرۆفیشناڵەکانەوە دەنوسرێن، نووسەر یان سەرنووسەرەکان هەموار دەکەن. کەمجار وایە مانشێتەکە لە لایەن هەمان ئەو پەیامنێرە یا ڕۆژنامەوانەوە، بنوسرێت. مانشێت بەزۆری بە زمانێکی چڕ (block language) و کروتکراوەیە و دەمکاتی ڕانەبردووی تیادا بەکار دەهێنرێت، بۆ ئەوەی تازەیی هەواڵەکە دووپات بکاتەوە.

٥- مانشێت دەبێ هەموو لایەنەکانی هەواڵەکە وەخۆبگرێت، کاتێك خوێنەر دەیخوێنێتەوە دەبێ تێبگا هەواڵەکە لەبارەی چیە.

٦- هەندێ جار تێگەیشتنی مانشێت زۆر ئاسان نیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی میتافۆر و ئیدیەم و پەندی پێشینان.

لەوانەیە ئەم دووخاڵەی دوایی، لە هەندێ ڕووەوە دژی یەك بن. چۆن دەبێ خوێنەر کە مانشێتی خوێندەوە یەکسەر لە هەموو شتێکی هەواڵەکە بگا، لە هەمان کاتیشدا وەك لە خاڵی شەشەم باسکراوە ڕەنگە تێگەیشتنی مانشێت زۆر ئاسان نەبێت؟!. ئەگەر سەیری مانشێتی ڕۆژنامەکان بکەین دەبینین حاڵەتی وا هەیە کە خوێنەر لە مانشێتەکە ناگات یان کاتێك هەواڵەکە دەخوێنێتەوە دەبینێ

ناوەڕۆکەکەی زۆر جیاوازە لە مانشێتەکە. ئەم حاڵەتە لەوانەیە بۆ چەند هۆیەك بگەڕێتەوە. ڕەنگە ئەو ڕۆژنامەنووسەی مانشێتەکەی نووسیوە زۆر بەتواناو پرۆفیشناڵ نەبێ، یان ئەگەر بە تواناش بێ لەبەرئەوەی بۆشایی دیاریکراو بۆ مانشێتەکە زۆر بەرتەسکە و دەبێ بە چڕوپڕی بنوسرێت، نووسەر ناچار دەبێت هەندێ زانیاری بپچڕێنی و نەیخاتە ناو مانشێتەکە، بۆیە نادیاری و بەهەڵە تێگەیشتن دروست دەبێ. لە لایەکی تر، دوور نیە باکگراوندی زمانی خوێنەرەکە زۆرباش نەبێ، واتە بە تەواوەتی شارەزای لایەنەکانی زمانەکە نەبێ، چونکە وەك باسکرا زۆرجاران ئیدیەم و میتافۆر و زۆر لە شێوەکانی تری ڕەوانبێژی بۆ جوانکردنی مانشێت، بەکاردێن. شەمس[11] (٢٠٠٢) مانشێت بۆ چەند جۆرێك دابەش دەکات. مانشێتی ڕاستەوڕاست کە ڕاستەوخۆ بابەتی هەواڵەکە لە خوێنەر دەگەیەنێت. مانشێتی پرسیار ئاسا کە خوێنەر والێدەکات بیربکاتەوە و بەشداری لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە بکات. مانشێتی وەرگیراو، ئەم جۆرەیان بریتیە لە بڕگەیەك لە قسەی کەسێکی تر. مانشێتی چیرۆك ئامێز بریتییە لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی سەرئاسا. دەبل مانشێت کە پێکهاتووە لە دوو مانشێت بۆ یەك هەواڵ.

دوا جۆری مانشێت، دەبل مانشێت، ئەمڕۆ زۆر بەفراوانی لە ڕۆژنامەوانی هاوچەرخدا بەکاردەهێنرێت. ئەم جۆرەیان لە دوو مانشێت پێکهاتووە، مانشێتی سەرەکی و مانشێتی لاوەکی. مانشێتی سەرەکی لەسەری سەرەوەی هەواڵەکە دێت و زۆر بە کورتی و چڕوپڕی دەنوسرێت، بەڵام مانشێتی لاوەکی لە دوای سەرەکیەکە دێت، واتە لە هێڵی ژێرەوەی مانشێتە سەرەکیەکە، زانیاری زیاتری لەبارەی هەواڵەکە تێدایە و بەشێوەیەکی درێژ نووسراوە و زیاتر مانشێتە سەرەکیەکە ڕوون دەکاتەوە.

### ١-٤-٢: لید (Lead)

یەکەمین ڕستە یان پەرەگراف لە هەواڵدا پێی دەگوترێت لید. کورتەیەکی هەواڵەکەیە و خوێنەر تێدەگەیەنێت کە هەواڵەکە لەبارەی چییە. ریچ[12] (٢٠٠٣) دەڵێ "لیدی چاك سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و وای لێدەکات بەردەوام بێ لە خوێندنەوە. لە هەواڵی کورتدا لید تەنها یەك ڕستەیە و زانیاری هەرە گرینگی لەبارەی ڕووداوەکە تێدایە".

ڕۆژنامەنووسان بەزۆری لە سەرەتادا لیدەکە دەنووسن ئینجا مانشێتێکی بۆ دادەنێن. هەروەکو ئیچیسۆن دەڵێ کەوا لید زانیاری زۆر گرنگی تێدایە و پوختەیەکی هەموو ڕووداوەك دەستەبەر دەکات، کورتەیەکە تەنها ڕۆژنامەنووسە بەهرەمەندەکان دەتوانن بینووسن، مانشێتیش هەر لەم کورتەیە وەردەگیرێ.

دوو جۆر لید هەیە، لیدی ڕاستەوخۆ و لیدی دواخراو. جۆری یەکەمیان یەکسەر لایەنە گرنگەکانی ڕووداوەکە دەداتە خوێنەر یان گوێگر، ئەمە زیاتر لە کورتەی هەواڵەکاندا بەکاردەهێنرێت. بەڵام جۆری دووەمیان یەکسەر زانیاریە گرنگەکان ناداتە جەماوەر بەڵکو ڕایاندەکێشێت بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی هەواڵەکە بخوێننەوە.

### ١-٤-٣: پاشماوەی هەواڵ (The Remainder of the news)

پاش نووسینی لیدو مانشێت، نووسەر و ڕۆژنامەنووسان هەوڵدەدەن بە ڕونکردنەوە و درێژەپێدانی هەواڵەکە ئەم دوو بنەمایە پشت ڕاست بکەنەوە. ئەو بەشانەی لە پاش لیدەوە دێن بریتین لە پاشماوەی هەواڵ و ئەرکیشیان پشت ڕاستکردنەوە و ڕوونکردنەوەی لیدو مانشێتەکەیە.

چین ئیچیسۆن لە کتێبی "زمانەوانی"دا (١٩٩٩) دایەگرامێك دەکات و تیایدا بەشە سەرەکیەکانی هەواڵ نیشان دەدات، ڕوونیدەکاتەوە کەوا پاش لید زنجیرەی ڕووداوەکان دێن. ڕووداوەکانیش بەپێی دەرکەوتن و یەك لەدوای یەك نایەن، بەڵکو تازەترین ڕووداو لەسەرەتادا دێت ئینجا کۆنتر و کۆنتر. لە پاشان دوا ڕستە دێت کە بارودۆخی ڕوودانی ڕووداوەکە ڕووندەکاتەوە، بەلام دوا ڕستە نابێ زانیاری زۆر گرنگی تێدابێ لەوانەیە ئەو نووسەرەی بە هەواڵەکەدا دەچێتەوە لەبەر کەمی شوێن و بۆشایی، ئەم دوا ڕستەیە ببڕێت، هەروەکو لەم دایەگرامەدا(١) ڕوونکراوەتەوە.




دایەگرامی (١): بەشە سەرەکیەکانی هەواڵ

لە زانکۆی هۆفستا ڕونیدەکاتەوە کەوا هەواڵ دەبێ یەك بیرۆکەی سەرەکی هەبێ. لیدەکە دەبێ بیرۆکە سەرەکیەکەی تێدابێ و پاشان ڕستەکانی دواتر دەبێ پشتیوانی لەم بیرۆکەیە بکەن و زیاتر ڕوونی بکەنەوە. ئەو پێی وایە کەوا هەواڵ، سەرەڕای مانشێت، لەسێ بەشی سەرەکی پێکدێت: سەرتا کورتەیەك، لە ناوەڕاستدا جەستەی هەواڵەکە ، دوا ڕستە لە کۆتاییدا.

### ١-٥: فۆرمەکانی نووسینی هەواڵ

ڕێکخستنی هەواڵ وەك ڕێکخستنی جۆرەکانی تری نووسین نیە. بە گشتی چەند فۆرمێکی نووسین هەیە، ئوشیما (١٣) (١٩٩١) باسی چەند جۆر نووسین دەکات، بەربلاوترینییان بریتین لە نووسینی کرنۆلۆجیانە و دابەشکردنی لۆجیکی، نووسین بە پێی گرنگی و هۆ و کاریگەری و نووسینی وێکچوون و جیاوازییەکان. مێنچەر(١٤) پێی وایە چاکترین فۆرم کە بە کەڵکی نووسینی هەواڵ بێت بریتییە لە نووسین بە پێی گرنگی. لەم جۆرە نووسینەدا ڕۆژنامەنووسەکە لە گرنگترین بەشی هەواڵەکە دەستپێدەکات و لە تیمێکەوە دەچێتە سەر تیمێکی تر بە پێی گرنگی بابەت و ڕووداوەکان، گرنگترین بەشیش لیدە هەروەکو پێشتر باسکرا.

نووسین بەپێی گرنگی، فۆرمێکە لە فۆرمەکانی داڕشتنی هەواڵ لەوانەشە زۆر گونجاو بێ بۆ نووسین، بەلام ئەمە مانای ئەوە نیە، تەنیا فۆرم هەواڵی پێ دەنووسرێ، بەڵکو زۆر شێوە و فۆرمی تری داڕشتنی هەواڵ هەیە و سالانێکی زۆرە هەواڵیان پێدەنووسرێ، لە خوارەوە باس لە گرنگترین فۆرمەکانی داڕشتنی هەواڵ دەکەین:

**١-٥-١: هـــەرەمی ســـەراوژێر Inverted :Pyramid**

ئەم فۆرمە جۆرێکە لە نووسـینی هـەواڵ بـەپێی گرنگـی. ئـەو ڕۆژنامـە نووسـانەی ئـەم فۆرمـە بـەکاردەهێنن هەواڵەکـە بـە جۆرێـك دادەڕێـژن کـە گرنگترین بەش لە سەرەتادا بێت ئینجا بەشەکانی تر بە پێی گرنگیان.

ئـەم فۆرمـە دوو سـوودی هەیـە. یەکـەمیان: خوێنـەر یـا بیـسەر هـەر لـە سـەرتادا گـرنگترین زانیارییەکانی پێدەگات و پێویـستی بـەوە نابێـت هـەموو هەواڵەکـە بخوێنێتـەوە یـان ببیـستێت. دووەم: ئەگەر پێویستی کردو شوێن و کاتی تـەواو بە دەستەوە نەبوو، دەکرێ زانیارییـەکانی کۆتـایی هەواڵەکە ببڕێت ، چونکە زانیارییـەکانی کۆتـایی هەواڵەکە زۆر گرنگ نـین. هـەروەك ستۆڤەل پێـی وایە فۆرمی هەرەمی سەراوژێر بۆیە گرنگە چونکە زانیاریە گرنگەکان دەکەونە سەرەتای هەواڵەکە.

ســەرەڕای ئــەم ســوودانە، فــۆرمی هــەرەمی سەراوژێر چەند کـەم و کورتیەکیـشی هەیـە. ئـەم فۆرمــە داهێنــانی نووســەر ســنوردار دەکـات وای لێدەکات نـەتوانی تواناکـانی خـۆی لـە نووسـیندا بەکاربێنێ، ئەمە لە لایەك، لـە لایـەکی تریـشەوە لەبەرئەوەی لـەم فۆرمـەدا کۆتـایی هەواڵەکـە زۆر گرنگ نیە، هەواڵەکە بە کۆتاییەکی زۆر ساردوسـڕ دوایــی دێــت، بــە مانایــەکی تــر کۆتاییــەکی دراماتیکیانــەی نیــە. ئـەم دایەگرامـەی خـوارەوە زیاتر ئەم فۆرمە ڕووندەکاتەوە:

**١-٥-٢: فۆرمی ۆل ستریت جۆرنـال Wall Street Journal Formula**

ئەم فۆرمەی داڕشتنی هەواڵ بە شێوەیەکی ئاسایی بە لیدێك دەست پێدەکات، بەسەرگوزشتەیەکی خۆش و سەرنجڕاکێش (Anecdote) دەستپێدەکات کە تیایـدا بیرۆکەی سەرەکی هەواڵەکە دەخرێتە ڕوو. لـە کـەس و ڕووداو و چتی تایبەت دەست پێـدەکات و بـەرەو چـتی گـــشتی دەڕوات. بـــە وەڵامدانـــەوەی هەواڵـــە چاوەڕوانکراوەکانی خوێنەران، گرنگی ڕووداوەکە نیشان دەدات. هەروەکو ریچ دەڵێ "ئەم پێکهاتەیە بە لیـدێك دەست پێدەکات، کە جەخت لەسەر کەسێك، ڕووداوێك یــان دیمــەنێك دەکاتــەوە. بیرۆکەکــە دەبــێ لــە چــتی تایبەتەوە بـۆ چـتی گـشتی پـەرەی پێبـدرێ، کـە لـە شوێنێك، کەسێك یان ڕووداوێك دەسـت پێـدەکات بـۆ ئەوەی وێنەیەك، خاڵی سـەرەکی چیرۆکەکە بـدات بـە دەستەوە.

مێنـــچەر (٢٠٠٢) لـــە کتـــێبی " News Reporting and Writing" پێکهاتەکانی هـەواڵ، بە گوێرەی فۆرمی ۆڵ ستریت جۆرناڵ، بۆ ئەم بەشـانەی خوارەوە دابەش دەکات:

١- سەرگوزشتە (Anecdote): بە نموونەیەك یـان وێنەیەك دەربارەی تیمی ڕووداوەکە دەست پێدەکات.

٢- بـەیانکردنی ئاشـکرای تیمەکـە ( Explicit Statement of the theme)

ئەمەشـیان دەکـرێ بەڕسـتەیەك یـان پـەرەگرافێك دەربڕێت ئەمە هەندێ جـار پێـی دەگـوترێ کاکلـەی نووسین (Put graph).

٣- بەیانکردنی گرنگی بابەتەکە: ئەم بەشە وەڵامی پرسیارێکی هەرە گرنگی خوێنەران داداتەوە کە دەڵێ "من بۆ دەبێ ئەمە بخوێنمەوە؟".

٤- درێژە (Details): بریتییە لە درێژەی هەواڵەکە کە ڕووداو و بەڵگەی تەواو لەسەر ڕووداوەکە بەدەستەوە دەدات.

### ١-٥-٣: فۆرمی کاتژمێری لم Hourglass Structure:

خاڵی دەستپێکی ئەمە فۆرمە هاوشێوەی خاڵی دەستپێکی هەرەمی سەراوژێر لەوەی کە لە سەرەتادا باس لە گرنگترین بەشی هەواڵەکە دەکات، بەڵام دواتر لە پاشماوەی هەواڵەکەدا ڕیزبەندی کرنۆلۆجیانە لە گێڕانەوەدا بەکار دەهێنێت، کە تیایدا بیرۆکەکان بە گوێرەی دەرکەوتنی مێژووییان ڕێکخراون. لێرەدا هەواڵەکە دەبێتە چەند بلۆکێک لە کات، بۆ نموونە بەیانی، نیوەڕۆ ئینجا شەو، (ریچ، ٢٠٠٣: ١٩٧).

ئەم فۆرمەش وەك فۆرمەکانی تر لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی خۆیان هەیە. یەکێك لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەوەیە کە وا لە نووسەر دەکات خولقێنەر بێ، واتە ئازادییەکی زیاتر بە نووسەر دەدات لە دارشتنی هەواڵەکەدا. یەکێك لە خاڵە نێگەتیڤەکانیشی ئەوەیە کە زۆر لە میدیا ئەلیکترۆنیەکان بگرێت، چونکە جۆرێکە لە جۆرەکانی چیرۆك گێڕانەوە.

تەنها فۆرمی دارشتنی هەواڵ ئەم سێ فۆرمە نین، بەڵکو فۆرمی تریش هەن، بەڵام دەکرێ بڵێین لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا، بەتایبەتی میدیای چاپکراو، ئەم سێ فۆرمە زۆر بەربڵاون و زۆرتر بەکار دەهێنرێن. فۆرمی وەکو نووسینی گوللە ئاسا ( Bullet Writing)یش هەیە کە ڕووداوە جیاجیاکانی لەیەك چیرۆکە هەواڵدا کورت دەکاتەوە. جگە لەو فۆرمانەی باسکران لەوانەیە هەندێ نووسەر بە پێی تاقیکردنەوە و ئەزموونی خۆیان فۆرمی تایبەت بە خۆیان داهێنا بێ و لەسەری برۆن.

### ١-٦:جۆرەکانی هەواڵ Types of News:

هەرچەند هەواڵ هەندێ سیماو کارکتەری چیرۆك گێڕانەوەی تێدایە، بەڵام لەگەڵ چەشن و شێوەکانی ئەدەب زۆر جیاوازن، هەموو چەشنەکانی هەواڵ هەندێ ئاکار و سیما و لایەنیان تێدایە وا لە چیرۆکەکە دەکەن ڕوونتر، ڕاستتر و گونجاوتر سەیری چیرۆکە هەواڵەکانی سەر ڕووپەری ڕۆژنامەکانی ئەمرۆ بکەین، دەبینین جۆرێکن لە چیرۆك، بەڵام چیرۆکەکان لەوانەیە سیماو ئاکاری جیاوازیان هەبێ لەبەر ئەوەی باس لە ڕووداو و بارودۆخی جیاواز دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ جۆرە سەرەکیەکانی چیرۆکە هەواڵ بەم شێوەیە پۆلین بکرێن:

#### ١-٦-١: کۆبوونەوەکان Meetings

هەندێ جار هەواڵ بریتییە لە گواستنەوەی کۆبوونەوەیەك، باشترین نموونەش کۆبوونەوە ئاشکراکانی حکومەت یان دەزگا نیمچە حکومیەکانە. ئەم کۆبوونەوانە دەبێ بکرێنە هەواڵ چونکە لەوانەیە بڕیاری وایان تیادا بدرێ کە کار لە جەماوەر بکات. پەیامنێری بەتوانا ئەو کۆبوونەوانە دەکاتە بابەتی هەواڵەکانی خۆی کە خەڵکی گرنگی تیادا بەژدارە و لە شوێنی گرنگ بەستراوە. و بابەتی گرنگیشی تیادا باس کراوە. هەروەکو هایبلس و ویڤەر (١٥) (٢٠٠١) دەڵێن

"دەکرێ کۆبوونـەوەکان لەسـەر بنچینـەی ئەنـدامانی گروپە بەشداربووەکان و ئەو کارانەی دەیانەوێ ئەنجامی بدەن هەڵبژێردرێن".

**١-٦-٢: لێدوانەکان Speeches**

لێدوانەکان بەربڵاوترین جۆری هەواڵن، زانیارییەکی چاك لە بارەی ڕووداوەکان بەدەستەوە دەدەن. داڕشـتنی هەواڵێك لە لێدوانێکەوە کارێکی ئەوەندە ئاسـان نیـە، پێویستی بە ڕۆژنامەنووسی بە توانا و داهێنـەر هەیـە. هەواڵەکە دەبێ وابێ خوێنەر وا هەست بکـا بەڕاسـتی بەخۆی لەوێیە و گوێی لە لێدوانەکەیە.

ستۆڤەڵ (٢٠٠٦) پێی وایە کەوا لێدوانـەکان بـوون بە ڕۆتینـەکی ڕۆژنامـەوانی، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا پێویـستیان بـە ڕۆژنامـە نووسـی لێهـاتوو هەیـە بـۆ داڕشتنەوەیان وەك هەواڵ، چونکە دەبـێ بەشـێوەیەکی جوان و ڕێکوپێـك و سـەرنجڕاکێش داڕێـژرێن. ڕەنگـە وتەبێژ بۆ ماوەی پێنج یا چـل وپێـنج خولـەك بـدوێ، ڕۆژنامەنووس دەبێ هەواڵێك دروست بکا ڕەنگدانـەوەی لێدوانەکە بێت.

کارۆڵ ریچ (٢٠٠٣) پێی وایە کەوا هەواڵ دەربارەی لێدوانەکان دەبێ ئاماژە بکات بە قەوارەی جەماوەرەکە و شوێنی لێدوانەکە و هۆکارەکەی و خاڵەگرنگـەکانی و کاردانەوەکەی جەماوەر.

**١-٦-٣: ئاگاداریەکان (Announcements)**

ئاگاداری بریتیە لە ناساندنی کەسێك یان چتێك بە شـێوەیەکی ڕەسمـی و ئاشـکرا. ویلکـۆکس و نۆلـت (١٩٩٧) پێیـان وایـە ئاگادارییـەکان بـریتین لـە چاوپێکەوتنی کەسی، گۆڕانکـاری، پلـە بەرزکردنـەوە، خزمەتگوزاری، بەرهەمی نـوێ، فـرۆش، خـەڵاتکردن، گۆڕانی سیاسـی، دەرفەتـەکانی دامەزرانـدن، سـاڵیاد، گۆڕانی نرخەکان، کرێ، ئاوەدانکردنەوە، ئەو بۆندانـەی کە بەستراوون یان دواخـراوون، دروسـتکردن و کردنـەوە یان داخستنی بازاڕەکان ...هتد.

ڕۆژنامـە نووسـان دەتـوانن هـەواڵی چـاك لـە ئاگادارییەکان هەڵێنجن، ئـەم جـۆرە هەواڵانـە زۆر بـە چـڕی لـە لایـەن جـەماوەرەوە دەخوێنرێنـەوە چـونکە لەوانەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریان تێبکات یـان لـە بەرژەوەنـدییان دابـێ. هەرچـەندە پرسـەنامەکان شوێنێکی تایبەتیان لە ڕۆژنامەکاندا بۆ تەرخان کـراوە، بەڵام دەکرێ بە جۆرێك لە ئاگاداری دابنـرێن و هەنـدێ جاریش بکرێن بە هەواڵ بە تایبەتی کاتێـك لـە بـارەی کەسێکی گرینگی کۆمەڵگاوە بێت.

**١-٦-٤: کەش و هەوا (Weather stories):**

هەواڵی تایبەت بە کەش و هـەوا تـەنها دەربـارەی کارەساتەکان نیە بەڵکو دەکـرێ دەربـارەی ئاووهـەوای ئاسایی ڕۆژانەش بێ. ئەمڕۆ خەڵك هـەموو حەزدەکـەن ئاگاداری هەواڵەکانی ئاووهەوا بـن چـونکە بـۆ ژیـانی ڕۆژانـەیان گرینگـە، هـەر بۆیـە کەناڵـەکانی میـدیا، ئەلیکترۆنی و چاپکراو، بۆشاییەکی تـەواویان بـۆ ئـەم جۆرە هەواڵە تـەرخانکردووە، بـە تایبـەتی بـۆ گۆڕانـە مەترسیدارەکانی ئاووهەوا. هەروەکو ستۆڤەل (٢٠٠٦) دەڵێ:

کاتێـك ئاووهـەوا دەگـۆڕێ و نائاسـایی دەبـێ، بەتایبەتی کە مردن و بریندار‌بوون و لە دەستدانی ماڵ و حاڵی لێدەکەوێتەوە، پـەیامنێران دەبـێ بایـەخی زۆری پێبدەن. پەیامنێران و ڕۆژنامـە نووسـان زۆرجـاران لـە لایەن سـەرکارەکانیانەوە داوایـان لێـدەکرێ لـە بـارەی ڕووداوە گرینگـەکانی کـەش و هـەوا بنووسـن وەك تۆرنادۆکان و گەردەلوول و زریان و بەفر و تۆفان.

### ١-٦-٥: تاوانەکان Crime Stories

لەبەر ئەوەی هەواڵی تایبەت بە تاوانەکان دەربارەی مردن و ژینی خەڵکە، سەرنجی جەماوەر رادەکێشێ. لە گواستنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە ڕۆژنامە نووس بەها گرنگەکانی لەبەر چاو دەگرێ وەکو ململانێ و نائاسایی و کاریگەری. ئیندا بوچانەن، بەناوبنگترین پەیامنێری پۆلیسییە لە ویلاتە یەکگرتووەکان، پتر لە بیست ساڵ هەواڵی تایبەت بە پۆلیس و تاوانی بۆ ڕۆژنامەی "The Miami herald" ئامادە دەکرد. لە ساڵی ١٩٨٦ خەڵاتی پەلتزەری بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی وەرگرت. ئەم ئافرەتە پەیامنێریی کرد بە فۆرمێك لە فۆرمەکانی هونەر، ڕستەی وای دەنووسی دڵۆپ دڵۆپ خوێنیان لێدەچۆڕایەوە. زانیارییەکانی لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و تۆمارکردنەوە کۆدەکردەوە، پاشان لە شێوەی چیرۆکی وا دەیچنی کە یەکسەر خوێنەرانی بۆ لای خۆیدا ڕادەکێشا. پێی وایە دەبێ پەیامنێرانی تایبەت بە بواری تاوانەکان قسە لەگەڵ شایەدەکان بکەن و ڕەنگ و باکگراوند و تەمەن و درێژەی ژیانی قوربانیەکان بزانن، (ریچ، ٢٠٠٣).

### ١-٧: کورتەی ئەنجامەکان

لە ئەنجامی تاووتووکردن و لێکدانەوەی بنەما سەرەکییەکانی هەواڵ دەگەینە چەند ئەنجامێك کە هەندێکیان تایبەتن بە ڕۆژنامەگەری کوردی و هەندێکیشیان لە مێژە لە وولاتان و کەلتورانی تر کاریان لەسەر کراوە و جێبەجێ کراون. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم نووسینە سوودی هەبێ بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد. لە خوارەوە کورتەی باسەکەو ئەنجامەکان پێکەوە لە چەند خاڵێك کورت دەکەینەوە:

١- هەواڵ چەمکێکی ڕۆژنامەوانیە و بە مانای خەبەر و دەنگوباس و حاڵ و ئەحواڵ و زانیاری دەربارەی ڕووداوە تازەکان، دێت، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پاش هەڵێنجان و لە بێژنگ دان لە کەناڵەکانی میدیادا بڵاودەکرێنەوە. لەوانەیە زۆر ڕووداوی گرینگ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبووبێتە هەواڵ و لە بیرکرابێ یان بە ئەنقەست لەبەر هەر هۆیەك بێت لە لایەن دەرگەوانانی میدیاکان پشتگوێ خرابن.

٢- بۆ ئەوەی ڕووداوێك شایەنی ئەوە بێت ببێتە هەواڵ دەبێ هەڵگری چەند بەهایەك بێت لەوانە تازەیی، نزیکی، گرینگی، ئاکامەکانی، دەگمەنی، خولیاو بەرژەوەندی مرۆیی.

٣- زانین و ناساندنی سەرچاوەی هەواڵ زۆر گرینگە بۆ ڕۆژنامەنووسان و خوێنەران و بینەران، چونکە هەواڵ ئەوکاتە دەبێتە جێگەی متمانەی جەماوەر کە سەرچاوەکەی جێگەی متمانە بێ. بۆ ڕۆژنامەنووسەکە و بۆ کەناڵەکەش ئاشکراکردنی سەرچاوەکە لە ڕووی یاساییەوە زۆر پێویستە.

٤- هەواڵ لە ڕووی پێکهاتەوە لە چەند بەشێکی سەرەکی پێك دێت. پێکهاتەی بەشە سەرەکیەکانی هەواڵ لە دەقی ئەدەبی یان زانستی یان هەتا لە تێکستەکانی تری ڕۆژنامەوانیش وەکو ووتار و ڕاپۆرت و ستوون...هتد جیایە. بەشە سەرەکیەکانی هەواڵ بریتین لە مانشێت و لید و پاشماوەکانی هەواڵ کە هەریەك لە مانە سیمای تایبەت بە خۆیان هەیە.

٥- چەند فۆرمێکی نووسینی هەواڵ هەیە کە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهان لەسەری دەڕۆن و پەیڕەوی دەکەن. گرنگترینیان فۆرمی هەرەمی سەراوژێر و فۆرمی ۆل ستریت جۆرناڵ و فۆرمی کاتژمێری (لم)ینە. هەریەك لەم فۆرمانە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی خۆیان هەیە و دەکرێ بە گوێرەی سروشتی هەواڵەکە ڕۆژنامەنووسەکە یەکێکیان هەڵبژێرێ و هەواڵەکەی پێ دابڕێژێ.

٦- هەواڵ چەند جۆرێکی سەرەکی هەیە، بە مانایەکی تر هەواڵ لە چەند جۆرە گوتارێك وەردەگیرێت و پاشان دادەرێژرێتەوە. هەندێ جار هەواڵ بریتییە لە گواستنەوەی کۆبوونەوەیەك یان لێدوانێك یان ئاگادارییەك، زۆرجار کەش و هەوا دەبێتە بابەتی هەواڵ، تاوانەکانیش لەبەر ئەوەی دەربارەی مردن و ژینی خەڵکن زۆرجار دەبنە هەواڵ.

---

## سەرچاوەکان

1- Read, D. (1998). The language of newspaper. London: Rutledge.

2-Black, J., Bryant, J., and Thompson, s. (1997). Introduction to media communication. (5th Ed.). Boston: Mc Graw- Hill.

-3ڕەمەزان، ئازاد. (٢٠٠٥). بنەما زمانییەکانی دارشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا. نامەی دکتۆرا. هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

4- Hanson, R. E. (2005). Mass Communication: Living in a Media world. Boston: Mc Graw- Hill.

5- Dominick, J. R. (1999). The Dynamics of Mass communication. (6th Ed.). Boston: Mc Graw- Hill.

6- Stovall, J. R. (2006). Writing for the Mass Media. (6th Ed.). Boston: person Education.

7- Wilcox, D. L. and Notle, L. W. (1997). Public Relations Writing and Media Techniques. (3rd Ed.). New York: Longman.

8- Aitcheson, J. (1999). Teach yourself Linguistics. (5th Ed.). London. Hodder and Stoughton.

9- Crystal, D. (1992). An Encyclopedia Dictionary of Language and Languages. Oxford: Blackwell.

10- Swan, M. (1999). Practical English visage. (2nd Ed.). Oxford: Oxford University press.

11- Shams, M. R. (2002). Practice with Newspapers. Afghan: Kashan University.

12- Rich, C, (2003). Writing and Reporting News. (4th Ed.). Belmont: Addison Wesly Longman.

13- Oshima, A. and Hogue, A. (1991). Writing Academic English. (2nd Ed.). Sanfrancisco: Addison Wesley.

14- Mecher, M. (2003). News Reporting and Writing. (9th Ed.). Boston: Mc Graw- Hill.

15- Hybles, S. and Weaver II, R. L. (2001). Communicate Effectively. (6th Ed.). Boston: Mc Graw- Hill.

- جگە لەم سەرچاوانەی سەرەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سوود لەم سەرچاوانەش وەرگیراوە:

١- هەژاری موکریانی "هەمبانە بۆرینە"، لاینوترون انتشارات سروش.

٢- د. حەمە ڕەشید قەرەداغی "فەرهەنگ ئازادی" ئینگلیزی- کوردی، دەزگای چاپ و نەشری احسان.

٣- کاروان عەلی، "هونەری ڕۆژنامەنووسی"، خەندان بۆ پەخش و وەشاندن.

٤- نەژاد عەزیز سورمێ. "ڕۆژنامەگەری کوردی". ڕۆژنامەی برایەتی.

٥- د.عەبدالواحد مشیر دزەیی. "ڕەهەندی دەرونی لە بواری ڕاگەیاندندا". چاپخانەی شەهاب- هەولێر.

٦- د.عبدالعزیز شرف. "اللغة الاعلامیة". دار الجیل- بیروت.

-7سایتە ئەلیکترۆنیەکان

WWW.guardian.co.uk

WWW.pukmedia.com

WWW.telegraph.co.uk

WWW.xabat.net